دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق بڕیار لەسەر کەیسی ڕاپەڕین دەدات

کەیسی ڕاپەڕین کە ناسراوە بە (ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١) و بە هۆیەوە دادگای باڵای تاوانەکان لێپێچینەوە دەکات لەو پێشێلکاریە دژە مرۆڤایەتیانەی سەرانی ڕژێم ئەنجامیان داوە لە کاتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی ساڵی (١٩٩١)کە گەلانی عێراق ئەنجامیان داوەو لە ئاکامیدا هەزاران کوژراو بریندار و کەم ئەندام و زەرەر و زیانێکی ماڵیی گەورەی لێکەوتەوە، کەیسی ناوبراو هەموو شارەکانی عێراق دەگرێتەوە بە هەرێمی کوردستانیشەوە جگە لە پێنج پارێزگای سونە نشینی (صلاح الدین، نینوی ، بغداد ، انبار و دیالی) کە ڕاپەڕین تیایاندا ڕووی نەدا وە دوو پارێزگای (بصرە ، عمارە)ی خواروە عێراق کە بە کەیسێکی تایبەت دادبینیان تێدا کرا، و بەو هۆیانەوە دادگای باڵای تاوانەکان ڕۆژی(٦□٦□٢٠١١) کاتژمێر (١١:٣١)سەرلە بەیانی لە (٦١مین) دانیشتنی خۆیدا بڕیارەکانی دادگای بەسەر تاوانبارانداوا سەپاند، دانیشتنەکەی دادگا بە سەرۆکایەتی دادوەر (ئاسۆ محمد) بەڕێوە چوو کو چوار دادوەری تر یاریدەدەری بوون لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) ی تایبەت بە دادگای باڵای تاوانەکان و یاسای سزاکانی عێراق دادگا بڕیارەکانی خوی ڕێکخستبوو کە زۆرینەی تاوانبارانی بە ماددەی(١٢) ی یاسای ژمارە ١٠ سزادا، کە هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دراون.

لەو دانیشتنەی دادگادا (٣٦) تاوانباری سەرەکی ئامادە کرابوون کە لە ئەنجامی داد بینیدا دادگا بڕیاڕی خۆی بەم جۆرە بەسەریاندا سەپاند، سزای بە سێدارەدان بۆ (٣) تاوانبار و سزای زیندانی کردنی هەتاهەتایی بەسەر (٤) تاوانبارو سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن بەسەر (١٣) تاوانباردا سەپاند، وە (١٥) تاوانبارکراوی دیکە بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەریان بڕیاری بەربوونیان بۆ دەرچوو وە هەروەها دادگا بڕیاری دا هەموو ئەوانەی بەو ڕووداوانەدا تووشی زەرەرو زیانی گیانی و جەستەیی و مووڵك و ماڵ بوون، ئەوا لە ڕێگەی دادگاکانی بەراییەوە لە سنووورەکانی خۆیان داوا تۆمار بکەن و بەهۆیەوە قەرەبوو دەکرێنەوە ، وە ماوەی (١) مانگ بوار هەیە لەبەردەم تاوانباران و داواکارو زیان لێکەوتوان کە داوای تمییز کردنەوە پێشکەش بە دەستەی تمییزی دادگای باڵای تاوانەکان عێراق بکەن.

شایانی ئاماژەیە کە لە هەموو دانیشتنەکانی ئەو کەیسەدا تەنها پارێزەرانی هەرێمی کوردستان ئامادەی دادگا بوون بە مەبەستی داکۆکی کردن لە زیان لێکەوتوانی ڕاپەڕین کە ئەوانیش لە لایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە ئامادە کرابوون،هەروەها توانراوە بۆ ئەو کەیسە (٦٢) کەس وەك داواکار و شایەتحاڵ لە هەرێمی کوردستانەوە بگەیەنرێنە دادگای باڵای تاوانەکان کە بەم شێوەیە دابەش بوون (هەولێر-٣٣ کەس ، کەرکوك □ ٢٠ کەس ، دهۆك-٧ کەس ، سلێمانی -٢ کەس) ،وە لە دوا دانیشتندا شاندی وەزارەت ئامادەی دادبینیەکە بوون کە بریتی بوون لە نوێنەرانی لیژنەی بەدوادا چوونی کەیسەکانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کومەڵگای مەدەنی و تیمی پارێزەرانی کەیسی ناوبراو.

لە خوارەوە لیستس ناوی تاوانباران و جۆری سزاکوی لەو دادبینیەدا دەخەینە ڕوو کە بۆ خۆمان لە کاتی دانیشتنەکمان تۆمارمان کردووە .

ژمارە	ناوی تاوانباران	سزای سەپێنراو بە سەریدا
١.	كمال مصطفى	سزای لە سێدارەدان
٢.	عزيز صالح النومان	سزای لە سێدارەدان

٣.	مزبان خضر هادي	**سزای له سێدارەدان**
٤.	محمود فيزي الفزاع	**سزای زیندانی کردنی هەتاهەتایی**
٥.	وطبان ابراهيم حسن	**سزای زیندانی کردنی هەتاهەتایی**
٦.	محسن خضر الخفاجي	**سزای زیندانی کردنی هەتاهەتایی**
٧.	قائد حسين عوادي	**سزای زیندانی کردنی هەتاهەتایی**
٨.	طارق عزيز عيسى	**سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن**
٩.	سمير عبدالعزيز نجم	**سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن**
١٠.	برزان عبدالغفور	**سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن**
١١.	ظاهر شرافة جاسم	**سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن**
١٢.	عبدزيد شنيوة جبار	**سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن**
١٣.	شهيد مطهر فرعون	**سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن**
١٤.	حامد جميل خضير	**سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن**
١٥.	عبدالستار مولود اسماعيل	**سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن**
١٦.	عبد زيد علي	**سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن**
١٧.	عبدالهادى لفتة سلمان	**سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن**
١٨.	ناطق بهلول محمود	**سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن**
١٩.	عدنان محمود نصار	**سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن**
٢٠.	هاشم عاصي عريبي	**سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن**
٢١.	محمد مجول حسون	**سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن**
٢٢.	لطيف نصيف جاسم	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**
٢٣.	حامد يوسف حمادي	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**
٢٤.	حبيب طعمة فتحي	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**
٢٥.	عبدالحسين حيدر	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**
٢٦.	ناظم محمد جبار	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**
٢٧.	عبد حسن مجيد	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**
٢٨.	مزاحم صعب الحسن	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**
٢٩.	سعد صالح	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**
٣٠.	هاني عبد اللطيف طلفاح	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**
٣١.	غالب عمر مهدي	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**
٣٢.	احمد حسين خضير	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**

٣٣.	محمد فرج بلال	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**
٣٤.	محمد رضا علي	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**
٣٥.	كريم جاسم نفوس	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**
٣٦.	عبدالحميد سليمان	**بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو**

مافپەروەر

نجم الدين حمەسعيد حمەامين

٢٠١١/٦/٧